# ئاڵا و میلیتاریزمی دەوڵەتی تورکیە

رزگار شەیبان
rezgarshaiban@hotmail.com

***میلیتاریزم و دەولەتی تورکیە*** نەك سەرکوتگەرن و سەرکوتی خەلکی کوردستان و خەلکانی جیا لە زمانی تورکیە دەکەن، بەلکو هیچ پەیوەندیەکیشیان بە ماف و ئارەزو و ئازادی خەلکی تورکیەش نییە. دەولەتێکی سەرکوتگەر و فاشیست، و بنەمای یاساو رێسای ئەو دەڵەتە، نەژادیەرستی و ناسیۆنالیستیە، وە لە پەرەگرافی یەکەمییەوە تا دواین پەرەگرافی یاساکەشیان ئەگەر ووشەی رازاوە و سوکولاریشی تێدابێت، لەودیویەوە سێبەری میلیتاریزمە و کەمترین تروسکایی لە هەموو مافێکی ئینسانی و سەرەتایان گرتووە، وە بە سوودی بورژوازی و ناسیۆنالیزم، کۆنە پەرسترین و نائینسانی ترین کارەکتەری سیاسی بەریوە دەبەن لە کۆمەلگای تورکیەدا.

***ئاڵای*** تورکیە وەك ***هەر ئاڵایەکی تر***، کەرەمزی موقەدەسی جیاکردنەوەی پارچەیەك لە جوگرافیای سەر زەوویە، و شانازی بە تایبەتکردنەوەی میژووی کۆمەلێك ئینسان کە زمانیان وەك یەك، یان ئاین و رەنگی پێستایان بەهانەی درووست کردنی ئەو موقەدەسەیە. لە ئارام ترین شێوەدا ئەو موقەدەسە رەمزی داماڵینی ئینسانیەت و دروستکرنی هەلقەیەکی زیاترە لە زنجیری کۆیلایەتی ئینسان. وە لە نا ئارامیشدا جەنگ و خوێن رشتن و سەرکوت و بەزۆر گەورە کردنی جوگرافیا و بەزۆر موقەدەس کردنی ئەو رەمزە، ئازادی و خۆشبەختی و ئینسانیەتی لە خەلك داماڵیوە.

بۆ بەرزکردنەوەی ئالای ناسیۆنالیستی مرۆڤی زۆر بوونە قوربانی لە جیهانی ئەمرۆدا. ئیستاش لەژیر سیبەری ئاڵا و دەسەلاتی ناسیۆنالستیدا مرۆڤی زۆر قوربانین. ئەوانەی کە قوربانین هەرتەنا ئەو مرۆڤانە نین کە بەزۆر دەخرێنە ژیر رکێفی دەسەلاتەوە، هەموو ئەو مرۆڤانەشن کە جلی میلتاریزم بەزۆر بە بەریاندا دەکرێت بۆ بەرگری لە پارچەیەك پەرۆ لە رەمزی خۆجیاکردنەوەی مرۆڤ، لە هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

بۆیە نەك لەسەر خەلکی کوردستان پێوویستە کە نەخێر بۆ سیبەری میلیتاریزم و نەخیر بۆ ئالای تورکیە بکەن و بیسووتێنن، لە سەر هەموو مرۆڤێکی پێشکەووتوخواز و مرۆڤ دۆستێکی ناو جوگرافیای تورکیەشە کە هاوکات نەخیر بۆ رەمزی موقەدەسی هەلقەی کۆیلایەتی بکەن و بیشکێنن.

ئەوانەی کە ئەیانەوێت رێگا بگرن لە سووتانی سێبەری میلیتاریزم و ناسیۆنالیسزم. وە رێگا لە ئازادی خەلك بگرن لە پێناوی موقەدەس کردنی ئالا و بەهێزکردنی لەشکری چەپاوەڵی بۆرژوازی تورکیە و ئەمریکا، نەك مافی ئەویان نییە نوینەری خەلك بن، بەلکو دوژمنی ماف و ئازادین، و سەرکوتگەری خەلکن و دەبێت بهێنرێنە خوارەوە.

میلیتاریزم و لەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیە، رێك خاڵی بە هیزکردن و بردنەسەری سیاسەتی ئەمریکا و داسەپاندنی دەسەلاتی میلتاریزمی ئەمریکایە بەسەر خەلکی ناوچەکەوە. رێگرتن لە لەشکرکێشی و نە چوونە ژێر رکێفی ئالاّی ناسیۆنالست و بۆرژوازی تورکیە پەیوەندی بە رێگرتن لە لەشکرکێشی و سیاسەتی زۆرەملی ئەمریکاوە هەیە. پەیوەندی بە دەستدانە سیاسەتێکی پێشکەووتوخوازانە و ئینسانی و دور لە سیاسەتی ناسیۆنالیستی، و دوور لە قوڵکردنەوەی رقی شۆڤێنیستی و ناسیۆنالیستیەوە هەیە.

خەلکی پێشکەووتوخوازی و کرێکاران و ئینسانە ئازادیخوازەکانی ناو کۆمەلگای تورکییەش دژی لەشکرکێشی ئەمریکا و سیاسەتی ناسیۆنالیستی و شۆڤێنیستی دەوڵەتی بۆرژوازی حاکمی تورکیەن، و ئەکرێت ئەمە وەك هیزێکی بەکار تەماشابکرێن بۆ رێگرتن لە سیاسەتی دەولەتی تورکیە و رێگرتن لە فکر و فەرهەنك و رقی ناسیۆنالستی. وە ئەم هیزە هێزێکی ئینسانین و ئەتوانن بە تەواویی سیاسەتی شۆڤێنستی و شەری خەلك پوچەل بکەونەوە و نەهێلن ئینسان بێتە قوربانی ژیر سیبەی شەری ئالا ناسیۆنالیستیەکان.

*ناسیۆنالیستی کورد و پارتیەکانی* چەندان سال لە دەسەلاتی خۆیاندا کارەکتەری سیاسەتێك بوون کە دوور لە خواست و ئارەزووی خەلکی کوردستان بووە، و هەمیشە نەك خۆیان نەبەستۆتەوە بە هێزی خەلکەوە، دژی خەلك و ئارەزوەکانی خەلك بوون بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و رزگاربوونیان لە ژیر دەستی میلبتاریزمی دەولەتی فاشستی بەعس.

ئەم پارتییە دەسەلاتدارانەی کوردستان لەلایەك چەندان سالە خەریکی خۆشکردنی کەولی ناسیۆنالیستی و شۆڤێنستین و بە هەموو شێوەیەك خەریکن فەرهەنگەکەی بەزۆر زالْ دەکەن بەسەر خەلکدا. وە لەلایەکی ترەوە خۆیان بە سیاسەتی ئەمریکاو لەشکرکێشی دەولەتانی ناوچەکەوە بەستۆتەوە، ئەمرۆ بەرپرسن لە بەرامبەر ئاسایشی کومەلگای کوردستان و هەر جۆرە لە شکرکێشیەك.

لەسەر خەلکی ئازادیخواو پێشکەووتنخوازەی کوردستانە کە لە دژی میلتاریزم بوەستن، وە هاوکات لەشکرکێشی دەولەتی تورکیە بە حسابی خەلکی تورکیە نەنووسن و ریگا لەشەر و خوێن رشتنی نیوان خەلکی کوردستان و خەلکی توورك بگرن. ئازادی و مافی ئینسانی و سەربەخۆیی لە موقەدەس کردنی هیچ جۆرە ئالایەك و شەری ئالادا نییە.

نەخشەو پلانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بەستن و قایم کردنی دەسەلاتی میلبتاریزم و ناسیۆنالیزم و شەر و خوێن رشتنە. تەنها خەلك خۆیان دەتوانن چارە نووسی خۆی دیاری کەن بە کۆبوونەوە لە دەوری سیاسەتێکی ئینسانی و پێشکەوتنخوازی و دوور لە رقی ناسیۆنالستی و دوور لە شەری شۆڤێنستی.

**10 March 2003**
**Rezgar Shaiban**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣